# فۆنیمی (و) ی درێژ لەزمانی کوردیدا

• د.بەکر عومەر عەلی/کۆلیژی زمان/زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی:**

ئاستی فۆنۆلۆژی کوردی،هەر لەسەرتاوە مایەی گرنگی پێدانی زمانەوانە کوردەکان بووەو توانیویانە بە سەرکەوتوویی زۆربەی فۆنیمەکان و یاسا فۆنۆلۆژییەکان دیاری بکەن و لەبڕگەی کوردی بکۆڵنەوە. ئەم بایەخ پێدانە تا ئێستاش هەر بەردەامەو چەندان نامەی ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی بۆ تەرخانکراوە،بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کارانەشدا هێشتا هەندێ لایەنی بەئاڵۆزی و کێشەداری ماوەتەوەو پێویستی بەوردبونەوەو سەرنجدانی زیاترەو ئەم کارەش بەو نیازەو بۆ ئەو مەبەستە هاتۆتە کایەوە.

**گرنگی باسەکە:**

سودی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە نەك هەر هەوڵێکە بۆ ڕەواندنەوەی یەکێك لەلایەنە کێشەدارەکانی فۆنۆلۆژی کوردی بەڵکو هەوڵێکی بەپێزیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی قوڵی ڕێنوسی کوردی چونکە ئاشکرایە کە تا کێشە ڕێزمانی و فۆنۆلۆژییەکان چارەسەرنەکرێن،کێشەکانی ڕێنوسیش یەکلایی نابنەوە.

**سنوری باسەکە:**

بەگشتی،سنوری باسەکەمان لەئاستی فۆنۆلۆژیدایە،بەڵام بەو پێیەی کە ئاستەکان تێکەڵ بەیەکدەبن و دوور لەو بۆچوونەی کە ئاستەکان لەیەکتری دەترازێنێ،سودمان لەئاستەکانی (سینتاکس و مۆرفۆلۆژی) وەرگرتووەو لەهەموو ئەو ئاستانەدا لەم دیاردە فۆنۆلۆژییەمان کۆڵیوەتەوە،چونکە بەئاشکرا پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەباسەکەی ئێمەوە هەیە.

**هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

لەڕاستیدا ئەم کارە زانستییە،بەو ئومێدە هاتۆتە ئاراوە کە چارەسەری یەکێك لەلایەنە کێشەدارەکانی ئاستی فۆنۆلۆژی و ڕێنوسی کوردی بکا،شایەنی باسە کە لەم توێژینەوەیەدا بەبۆچونێکی نوێوە لە فۆنیمی (و) ی درێژ دواوین.

**ڕێبازی کارەکە :**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ڕێبازی وەسفی شیکاری گیراوەتە بەر، بەو واتایەی کەتەنیا پۆلێنکردن کارمان نەبووە، بەڵکو شیکردنەوە و لێکدانەوەمان ئەنجامداوەو هۆکارەکانیشمان دەستنیشانکردووە.

**پلانی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەکەمان بەسەر سێ پاڕدا دابەشکردووە و لە پاڕی یەکەمدا، دەربارەی هاتنی ئەم فۆنیمە لەسەرەتای وشەو بڕگەوە دواوین و لە پاڕی دووەمیشدا، هاتنی ئەم فۆنیمە لەناوەڕاستی وشە باسکراوەو لە پاڕی سێیەمیشدا، هاتنی ئەم فۆنیمە لەکۆتایی بڕگەوە خراوەتە ژێر تیشکەوە و لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و سەرچاوەکان دیاریکراون. لێرەدا دەبێ ئەوەش ڕونبکەینەوە کەبەدرێژایی باسەکەو لەهەموو پاڕەکاندا، بەوردی ئاماژە بە بیروڕای نوسەران و زمانەوانەکان دراوەو بۆ ڕونی و سەلماندنیش، هەردوو ئەلفبای عەرەبی و لاتینی بەکارهێنراوە.

**سەرەتا :**

دەنگی (و) ی درێژ لایەنێکی کێشەداری فۆنۆلۆژی و ڕێنوسی کوردییەو هەر لەسەرەتاشەوەزمانەوانەکان هەستیان بەکێشەی ئەم دەنگە کردووەو چەندان پێشنیاریان کردووە.

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە لایەنە کێشەدارەکانی ئەم دەنگە بخەینە ڕو:

**کێشەکانی (و) ی درێژ:**

١. هێندەی من ئاگاداربم، لای هەندێك لەزمانەوانەکان ئەم دەنگە (و) ی درێژ هەرگیز لەسەرەتاوە نایەت و هەندێکی تریش لەگەڵ ئەو ڕایەدا نین [١]، ئەگەرچی دوو دڵیشن، واتە هەر خۆیان چەندان نموونە وەك بەڵگە دێننەوەو دان بەوەدا دەنێن کە نابێت سەرەتاکەی (و) ی درێژ بێ، بەڵکو دەبێ (و)ی کورت بێ وەك وشەکانی ورچ، وشك، وریا....

٢. لایەنێکی تری کێشەداری ئەم دەنگە لەوەدایە کە هەندێك لە زمانەوانەکان [٢]، وایان لێکداوەتەوە کە ئەو دو واوە وەك وشەکانی خانوو، دوو، چوو... دەبێ واوی یەکەمیان کۆنستانت بێ و واوی دووەمیشیان ڤاوڵ بێ.




٣. هەندێکی تر لە زمانەوانەکان [٣] بیروبۆچونیان وایە کە نوسینی (خانوو + ەکە) واتە پێوەلکاندنی مۆرفیمی ناسراوی بەو وشانەوە کە گوایە (و) ی درێژیان تێدایە، ناپەسەندەو نادروستەو نوسەران ئەو هەڵەیەیان لەبەر ناقۆڵایی هاتنی سێ واو بەدوای یەکدا بەسەردا سەپیوەو بەو پێیە دەبێ:

خانووەکە بێ بە خانوووەکە

٤. لایەنێکی تری کێشەداری ئەم دەنگە ئەوەیە کە هەر لەبنەڕەتەوە نیگاری ئەم دەنگە ناقۆلآیەو دەشێ ئەمە هۆکارێکی گرنگی ئاڵۆزبوونی کێشەکەی بێ،واتە نوسینی ئەم دەنگە بە دوبارەکردنەوەی واوی کورت (و).

پێ دەچێ ئەم نیگارە هەندێ لەزمانەوانەکانی بەهەڵەدا بردبێ و لەنیگارەکەوە لەدەنگەکەیان کۆڵیبێتەوە [٤]،هەرچۆنێ بێ لای ئێمە کێشەی ئەم دەنگە هەر لەرێنوسەکەدا نییە،تا بەگۆڕینی ئەلفبا چارەسەری بکەین،وەك هەندێ لەزمانەوانەکان بۆی دەچن و پێشنیاز دەکەن،کە ئەگەر رێنوسەکە بگۆڕین بە ئەلفبای لاتینی،(دوو) بە (u) بنوسرێ ئیتر کێشەکە نامێنێ و بەئاسانی لە (و)(w) کۆنسنانت و (و) (u) ی ڤاوڵ جیادەکرێتەوە.

بەبڕوای ئێمە دەبێ پێشەکی لەم دەنگە وەك فۆنیم بکۆڵینەوە،ئنجا قسە لەسەر چۆنێتی نوسینی بکەین.

دەنگی (و) ی درێژ لەزمانی کوردیدا:

وەك وترا ئاستی فۆنۆلۆژی کوردی چەند لایەنێکی کێشەداری هەیە [٥] و یەکێك لەو لایەنانەش بون و نەبونی هەمزەیە و منیش باسی ئەم لایەنە ناکەم بەڵکو کارەکەمان تەرخانە بۆ واوی درێژ.

بە پێچەوانەی دەنگی هەمزەوە کە هەندێ پێ لەسەر بونی دائەگرن و هەندێکیش وەك فۆنیم حسابی بۆ ناکەن،زمانەوانەکان هەمو لەسەر ئەو بیروڕایەن کەدەنگی (و) ی درێژ،

١- فۆنیمە ٢- ڤاوڵە ٣- ڤاوڵێکی درێژە [٦].

بەواتایەکی تر بۆچونێکی وا لەئارادا نییە کە ئەم دەنگە بە فۆنیم نەزانێ و گومانی لێ بکا،ئەگەرچی هەموشیان هەستیان بە کێشەداری ئەم دەنگە کردووە.

وەك ڕون بۆوە هەمو زمانەوانەکان لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە ئەم دەنگە فۆنیمە و بۆچونەکەشیان لەسەر چەند بنەمایەك بنیاتناوە:

١- هەستکردنی هەمو قسەکەرێکی کوردی بەدرێژی ئەم دەنگەو بەمەش جیایدەکەنەوە لەفۆنیمی (و) ی کورت.
٢- گۆڕینی واتای وشە بەپێی ئەو بەراوردەی کە زمانەوانەکان پشتی پێ دەبەستن،وەك لەبەراوردکردنی وشەی (کوڕ) و (کووڕ) دا دەردەکەوێ.
٣- لەڕوی دروستبون و سازگەی دەرچونی ئەم دەنگە بە ئەندامەکانی ئاخاوتن،زمانەوانەکان ئەم دەنگە لە دەنگەکانی ڕیزی سەرەوەو پشتەوەی زمان دادەنێن و،واوی کورتیش بەهەمان شێوە بەدەنگێکی ڕیزی سەرەوەی دادەنێن و بەڵام وەك دەنگێکی پشتەوە دێتە ناوەندی دەمەوەو بەمەش جیاوازییەکی تر دەکەوێتە نێوانیانەوە [٧]:




١. **دەنگی ( و ) ی درێژ لەسەرەتای وشەو بڕگەوە:**

**لەڕاستیدا زمانەوان و نوسەرا نمان لەم بارەیەوە ڕێکناکەون و بیروڕای جیاوازیان هەیە :**

١- **هەندێك لەو ڕایەدان کە لەسەرەتای وشەو بڕگەوە فۆنیمی «و» ی درێژمان هەیەو بەلاّم لەهەندێ وشەدا ئەتوانین بڵێین، سەرەتاکەیان فۆنیمی ( و ) ی کورتە وەك وشەکانی وشە – ورچ – وریا – وتنی – وشك** ....

٢- **ئێستا زۆربەی زمانەوانانی کورد لەسەر ئەو بیروڕایەن کە ئەم فۆنیمە لەسەرەتای وشەو بڕگەوە نایەت.**

**بەبڕوای ئێمەش ئەم فۆنیمە لەسەرەتای وشەو بڕگەوە نایەت و بە پێچەوانەوە هەمو ئەو وشانە بە فۆنیمی ( و ) ی کورتی کۆنسنانت دەست پێدەکەن، بەلگەشمان بۆ ئەم ڕایەمان بریتی یەلە :**

١) **با چەند وشەیەکی کرمانجی خوارو لەگەڵ چەند وشەیەکی کرمانجی ژورودا بەراورد بکەین:**

| کرمانجی خوارو | کرمانجی ژورو |
|---|---|
| ورچ | هرچ |
| وشك | هشك |
| وشیار | هشیار |
| هوشیار | |

**ئێستا ئەگەر وشەکانی کرمانجی ژورو بەئەلفبای لاتینی بنوسین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لەدوای فۆنیمی سەرەتای وشەکانەوە یەکسەر ڤاوڵێکی کورتمان هەیە چونکە بڕگە بێ ڤاوڵ نابێ:**

**هرچ** - hirĉ

**هشیار** - hiŝyar

**هەر بەو شێوەیە دەبێ لەکرمانجی خوارošدا بەدوای فۆنیمی سەرەتای وشەکاندا ئەو ڤاوڵە کورت و سوکەمان هەبێ ( i ) :**

wirĉ
wiŝyar

٢) بەڵگەیەکی تر بۆ ئەوەی کە لەسەرەتای وشەوە لەکوردیدا واوی درێژمان نییە، ئەوەیە کە ئەگەر وامان دانا کەئەو وشانە بەواوی درێژ دەستپێدەکەن ئەوا لەبڕگەکردندا بەم شێوەیە دەبن:

ووشــە    وو، – شــە،    û - ŝe

ووریــا    وور، – یــا،    ûr – ya

ئەگەر ئەم بڕگەکردنەمان بەڕاست زانی دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە بڕگە بۆی هەیە:

أ- بە ڤاوڵ (v) دەستپێبکات.

ب- بڕگە لەتەنیا یەك دەنگ، یان ڕونتر بڵێین یەك ڤاوڵ پێك بێت.

ج- بەو جۆرە دەبێ پێناسەی بڕگە بگۆڕین:

$u_1 – ŝe_2$ ———— (u)

ئاشکرایە کە بڕگەی ژمارە یەك، یەك دەنگەو ڤاوڵیشە.

٣) ئەگەر قسەش لەسەر ئەو بۆچونە بێ کە گوایە ئەو دو واوە یەکێکیان کۆنستانتەو، ئەویتریشیان ڤاوڵە:

و و شــە

V ← → C

لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە لەو نیگارە ناقۆڵایەوە هەڵقوڵاوە کە ئەو دەنگە بە دو (وو) دەنوسێ، چونکە کە ئەلفباکە ئەگۆڕین بەلاتینی (u) ئیتر نە کۆنسنانت ئەمێنێ و نەڤاوڵ، چونکە خۆی یەك دەنگە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە رووی نەداوە کە یەك دەنگ کەرت بکرێ، یان دو لەت بێ.

هەر بۆیە بەبۆچونی ئێمە ئەم دەنگە هەرگیز لەسەرەتای وشەو بڕگەوە نایەت و هەمو وشەکانی زمانی کوردی کە بەدەنگی واو دەستپێدەکەن ئەوە بە فۆنیمی (و) ی کورتی کۆنسنانت دەستپێدەکەن:

ورد ———→ wird

وتنی ———→ witini

وتە ———→ wite

٢. ئەو وشانەی کە گوایە لە ناوەڕاستدا فۆنیمی (و) ی درێژی تێدایە:

کووڕ – ژوور – دوور – سوور – پوور – توور – نووسین – نووستن.

ا- یەکێك لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی (فۆنیم) ئەوەیە کە ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە، لەزمانی کوردیدا کە دێینە سەر بەراوردی (و) واوی کورت و (وو) واوی درێژ، تەنیا لەیەك وشەدا نەبێ ئیتر بەهیچ جۆرێك (وو) ی درێژ واتای وشەمان بۆ ناگۆڕێ و وشەی نوێمان بۆ دروستناکات:

کوڕ ———→ کووڕ

ب- بەسەرنجدانی هەمو ئەو وشانەی کە ئێستا بە (وو) ی درێژ ئەنوسرێن و ئەگەر هەمان ئەو وشانە بە (و) ی کورت بنوسرێن هیچ لەواتاکانیان ناگۆڕێ و وشەی نوێمان بۆ دروست نابێ:

دوور ←—— دور

سوور ←—— سور

نووسین ←—— نوسین

نووستن ←—— نوستن

ج- هەندێ لەو وشانەی لەکرمانجی خوارودا حسابی (وو) ی درێژیان بۆ کراوە،بەرامبەریان لەکرمانجی ژورودا واوی کورتە بەواتایەکی تر بەرامبەرەکەیان لەکرمانجی ژورودا فۆنیمی (و) ی کورتە وەك:

| کرمانجی خوارو | کرمانجی ژورو |
| --- | --- |
| سوور | سور |
| دوور | دور |

د- ئەوەشمان لەلا ڕون و ئاشکرایە کە لەزمانی کوردیدا یەك کردارمان نییە کە بەهۆی درێژی و کورتی ئەم فۆنیمەوە (وو) ی درێژ،گۆڕان لەواتاکەیدا ڕوبدا.

٣. ئەو وشانە کە گوایە بە (وو) ی درێژ کۆتاییان دێ:

خانوو – دوو – شوو – ڕوو – زوو ....

ا- هەر کاتێ مۆرفیمێکی ناسراوی،نەناسراوی یان کۆ بۆ ئەو وشانە زیاد دەکەین،کێشەیەك سەرهەڵدەدا کە جێی سەرنجە بۆ نمونە:

دوو + ان ←—— دووان ←—— duan

هەڵەی ئەمەش بەڕونی دیارە چونکە ئەو وشەیە یەك بڕگەیەو بە پێی یاساکانی بڕگەکردن،نابێ دو ڤاوڵ لەیەك بڕگەدا هەبێ.

ب- بە پێی گۆکردن و درکاندن و تەوژمی هەوای ناو سییەکان ئەو وشەیە یەك بڕگەیە،نەك دوان،وە لەکەس نابیستری بڵێ:

دوو وان * .

ج- خۆ ئەگەر بۆچونێکی وا بێتە ئاراوە کە گوایە لەئەنجامی چونە سەریەکی ئەو دوو ڤاوڵە (دوو^v ا^v ن) ڤاوڵێکیان کە (وو) واوە درێژەکەیە ئەگۆڕێ بۆ (و) واوی کورت،ئەوا بەوە وەڵامی ئەدەینەوە کە لەکوردیدا یاسایەکی وامان نییە. ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەی لەکوردیدا هەن و لەم بارانەدا کار ئەکەن بریتین لە:

- هاتنی نیمچە کۆنسنانتی (و،ی) بۆ نێوانی دو ڤاوڵەکە:

دوو + ان ←—— دوو + و + ان ←—— دوو وان * .

- یەکێك لەڤاوڵەکان تیادەچێ:

پارە + ەکە ←—— پارەکە

- تیاچونی هەر دو ڤاوڵەکە و هاتنەناوەوەی ڤاوڵێکی نوێ:

خانو + ەکە ←—— خانۆکە

قوتابی + ەکە ←—— قوتابێکە

کەواتە یاسایەکی فۆنۆلۆجی وامان نییە لەکوردیدا کە بەتەنیا یەکێکیان بگۆڕێ،ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە هەرگیز یاسای لەو جۆرەمان نییە کە ڤاول بگۆڕێ بۆ کۆنسنانت چونکە ئەو (و) واوە کورتەی دێتە جێگەی (و) واوە درێژەکە ئەوە کۆنسنانتە (w) و ڤاولی بڕگەکە (a) یە.

د- ئەگەر ڕای هەندێکیش وابێ کە قسەکەری کورد هەستدەکات کە (و) ی وشەکانی: خانوو، دوو، زوو، چوو، بوو،درێژن،لێرەشدا ئەوەیان بەبیر ئەهێنینەوە کە ئەمە ئاساییە،چونکە (ڤاول) کە ئەکەوێتە کۆتاییەوە، هەم سترێسیان لەسەرە بۆیە درێژ دەرئەکەون و هەم لەوەش ئاگادارین کە لەگۆرانی وتنداو لە بانگکردنیشدا تەنیا ڤاول درێژ ئەکرێتەوە.

هـ- لەنوسین و لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا بیروڕایەکی وا هەیە کە گوایە (وو) لەوشەکانی (دوو،ژوور،ووریا) واوی یەکەمیان کۆنسنانتەو واوی دووەمیشیان ڤاوڵە،لەڕاستیدا هەڵەی ئەم بۆچونەش ڕونەو لەوەدایە کە:

- (وو) ئەوە یەك دەنگە و نەشمان بیستووە کە یەك دەنگ دو لەت بێ،ئەوە ئەلفباکەیە کە ئەم هەڵەیەی پێ کردوین و ناکرێ لەڕێنوسەوە سەیری دەنگەکان بکەین.

- هەر بەگۆڕینی ڕێنوسەکە ئەو هەڵەیە بەڕونی دەردەکەوێ: لە ئەلفبا لاتینی یەکەدا،واوی درێژ ئەم وێنەیەی (u) بۆ دانراوە،کەواتە ئە پرسین کوا کۆنسنانت و کوا ڤاوڵ ؟

و- لەهەندێ توێژینەوەو بۆچونی تریشدا وا لێکدراوەتەوە کە وشەکانی: دوو – زوو – خانوو،کە مۆرفێمێکیان بۆ زیاد دەکرێت،واوی نیمچە کۆنسنانتیش دێتە نێوانەوە،بەم شێوەیەی خوارەوە:

دوو + ان ← دوو + و + ان ← دووان

خانوو + ەکە ← خانوو + و + ەکە ← خانووەکە

گوایە ئەو (واو) ی نیمچە کۆنسنانتە دێتە ناوەوە بۆ جیاکردنەوەی هەر دو ڤاوڵی (وو) واوی درێژ و ڤاوڵەکانی تر وەك (a)،(e)..... بەم شێوەیە:

دوو + ا ن → V V

دوو + و + ان ↓ دووان

چوو + ە → V V

چوو + و + ە ↓ چووە

هەر بە پێی ئەو بۆچونە نوسینی ئەو وشانە بەو جۆرەی کە ئێستا باوە،هەڵەیە:

دووان * چووە *

بۆچونەکە وایە کە گوایە لەبەرئەوەی هاتنی سێ واو بەدوای یەکدا ناشرین و ناقۆلایە،ئەمە وای لەنوسەران کردووە کە بەهەڵە ئەو وشانە بەدو واو بنوسن.

بەو پێیە بێ، ئەبێ کێشەکە لەئەلفبا لاتینییەکەدا چارەسەر کرابێ:

dûwan —— cûwe

بەڵام لەڕاستیدا کێشەکە هەرماوە، بەواتایەکی تر هەڵەی ئەم بۆچونە لەوەدایە کە بەزۆر بڕگەیەك بۆ ئەو وشانە زیاد کراوە: (دووان)، بەئاشکرا دیارە کە ئەم وشەیە یەك بڕگەیە، نەك دوان چونکە هیچ قسەکەرێکی کورد ئەو وشەیە بەو شێوەیە (دوو – وان) نادرکێنێ و گوێی ناکا، بەڵکو گۆکردن و درکاندن و تەوژمی هەواو دەربڕینی ئەو وشەیە زۆر بەڕونی پێمان ئەڵێ کە ئەو وشەیە یەك بڕگەیەو بەیەك تەوژم و بەم شێوەیە دەدرکێنرێ (دوان) و لاتینیەکەشی بەم جۆرەیە:

duan

با سەیری چەند نمونەیەکی تر بکەین:

بوو ⟵ ئەگەر ئەو بووایە قسەم نەدەکرد.

بوو + و+ا + یە بوو وایە

١- بڕگەیەك بەزۆر زیادکراوە.

٢- تەوژمی هەوای ناو سییەکان و درکاندنی ئەم وشەیە پێمان دەڵێ کە ئەو وشەیە دو بڕگەیە:

- ئەگەر ئەو بوایە قسەم نەدەکرد

↓

بوا + یە

- چوو ⟵ ئەگەر ئازاد بچووایە ئێستا خەممان نەدەبو.

↓

biĉuwaye ب + چوو + وا + یە

دیسانەوە:

١- بەزۆر بڕگەیەك زیادکراوە.

٢- هیچ قسەکەرێکی کورد ئەو وشەیە بەو شێوەیە نادرکێنێ.

٣- ئەو وشەیە چوار بڕگە نییە، بەڵکو سێ بڕگەیە.

- بچ وا یە

biĉ̂waye -

با سەرنجێکی ئەم نمونانەش بدەین:

- هێنا + وو + ە = هێناووە ⟵ hênaûe

بڕگەکانیش ئەمانەن – هێ١ + نا٢ + ووە٣ ⟵ $hê_1 + na_2 + ûe_3$

لێرەدا کە لەبڕگەی سێیەم ورد دەبینەوە بەئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە نادروستە چونکە پێکهاتووە لە دو ڤاوڵ و ئەمەش نەك هەر لەزمانی کوردیدا بەڵکو بە پێی یاسا فۆنۆلۆژییەکان کارێکی نەگونجاوەو هەر لەو نمونەیەوە هەڵەی ئەو بۆچونەشمان بۆ دەردەکەوێ کە باس لە سێ واو دەکا:

- هێ – نا – ووە * hê na ûe

هەر ئەو نمونەیە بەجۆرێکی تر :

هێناوومە          هێ₁ – ناوو₂ – مە₃

$He_1$  $na\hat{u}_2$  $me_3$

هەڵەی ئەم بڕگەکردنەش رونە چونکە بڕگەی دووەم بریتییە لە :

- نا وو          n a u

v v c          v v

ئەمەش ناپەسەندە چونکە لەو بڕگەیەدا دو ڤاوڵی تێدایەو راستییەکەی بەم جۆرەیە :

- هێ – ناو – مە hê naw me

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە شتێ دەربارەی رابوردوی نزیك ( تەواو ) تۆمار بکەین :

رابوردوی نزیك ( تەواو ):

لەهەمو نوسینە کوردییەکاندا رابوردوی نزیك بەم جۆرە دارێژراوە :

- رەگ + وو + ە

- خوارد + وو + ە ⟵ * xwardûe

- خوارد + وو + و + ە ⟵ * xwardûwe

با لەم نمونانە وردبینەوە:

- هێناووێتی          هێ₁ + نا₂ + ووێ₃ + تی₄

کە لەبڕگەی ژمارە سێ ورد دەبینەوە دەرئەکەوێ کە بڕگەی لەو جۆرە لەکوردیدا ناشێ و روونادا، لەبەرئەوەی پێکهاتووە لە دو ڤاوڵ !          (وو  ێ)          û  e

v  v          v  v

دیسانەوە ئەم نمونانەی لای خوارەوەش هەمان شێوەیە :

- کەلوپەلەکانم کڕیووە ⟵ ك + ڕی + ووە

* $ki_1 + ri_2 + \hat{u}e_3$

- کڕیوومە ⟵ ك + ڕیوو + مە

* $Ki_1 + ri\hat{u}_2 + me_3$

- کڕیووێتی ⟵ ك + ڕی + ووێ + تی

* $ki_1 + ri_2 + \hat{u}\hat{e}_3 + ti_4$

ئەگەر وامان لێکدایەوە کە گوایە ئەمە کردەیەکی فۆنۆتاکتییە و هەر کاتێ ڤاوڵێکی تر لەبڕگەدا هاتە تەنیشت ئەم ڤاوڵەوە،(وو)،ئیتر گۆڕانی بەسەردا دێت و دەگۆڕێ بۆ (و) ی کورت،لەڕاستیدا وەك پێشتریش

رونمان کردەوەکە یاسایەکی فۆنۆلۆژیمان نییە کە ئەگەر دو ڤاوڵ لەبڕگەیەکدا هاتن، یەکێکیان بگۆڕێ و یەکێکیان وەك خۆی بمێنێتەوە.

ئەوەی هەمانە ئەوەیە کە یان ڤاوڵێکیان تیا دەچێ، یان نیمچە کۆنسنانت دەکەوێتە نێوانیانەوە، یان هەردوکیان ئەگۆڕێن بۆ ڤاوڵێکی تر.

ئەوەی لە نمونەکانەوە دەردەکەوێ ئەوەیە کە :

١- هەرکاتێ ڤاوڵێکی تر لە پێش ئەم ڤاوڵەوە (وو) بێت هەر ئەم گۆڕانی بەسەرا دێت وەك:

کڕیوومە ك + ڕیوو + مە ⟵ kiriwme ⟶ kiriume

هێناوومە ⟵ هێ + ناوو + مە henawme ⟶ henaume

هەر کاتێ ڤاوڵێکی تر لەدوای ئەم ڤاوڵەوە (وو) بێت، هەر ئەم گۆڕانی بەسەرا دێت:

فرۆشتوویێتی ف + رۆش + تووێ + تی firostweti ⟶ firostûeti

٢- هەر کاتێ ڤاوڵێکی کورتیش لەتەنیشت ئەم ڤاوڵەوە (وو) بێت هەر ئەم گۆڕانی بەسەرا دێت:

هێناووە ⟵ هێ + نا + ووە

هێناوە هێ + نا + وە

henawe

رەنجێکی زۆری کێشاووە kesaûe

↓

کێ + شا + ووە

↓

کێ + شا + وە kesawe

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە ئەوەی بەسەر ئەم ڤاوڵە دێت، بەسەر هیچ یەکێ لەڤاوڵەکانی تر نایەت بە پێچەوانەی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییەوە، کە ڤاوڵێکی کورتیش لە تەنیشتییەوە بێت ئەم گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمە لەجیاتی ئەوەی کەوەك ڤاوڵە درێژەکانی تر ئەم گۆڕان بەسەر ڤاوڵە کورتەکەدا بێنێ، کەچی پێچەوانەکەی ڕودەدات:

گوڵ + ەکە + ان = گوڵەکان

لە نمونەکانەوە ددەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ ڕابوردوی تەواو پێکهاتەکەی بەم جۆرە بێ:

ڕەگ + و + ە

کێشا + و + ە ⟵ کێشاوە ⟵ kesawe

کڕی + و + ە ⟵ کڕیوە ⟵ kiriwe

کێشەکە لە چاوگە واوییەکانەوە سەریانهەڵداوە:

خواردووە ⟵ خوار + دو + ە (ڕابوردوی تەواو)

بۆ ڕونکردنەوەی ئەم نمونانە دەڵێین:

١- پێداویستی بڕگەکردن لەکوردیداو لەبەرئەوەی بڕگەیەکمان نییە لەکۆتاییەوە لەیەك ڤاوڵ پێکهاتبێ چونکە (ە – e) بەتەنیا ماوەتەوەو بە پێی ئەو یاسایەش کە نیمچە کۆنسنانتێ دێتە ناوەوە بۆ جیاکردنەوەی

دو ڤاوڵ (u – دو) لەگەڵ (ە – e) بەو جۆرە بڕگەکردنی ئەو وشەیە بەم شێوەیەی لێ دێ:

خوار + دو + وە  xwarduwe

کەواتە ئەم نیمچە کۆنسنانتە هەم پێداویستی بڕگەکردن و هەم بۆ جیاکردنەوەی ڤاوڵەکان لەیەکتری هاتۆتە ناوەوە.

کەوتووە ←── کەو + تو + ە

کەو + تو + وە  kewtuwe

بەبڕوای ئێمە زمانەوان و نوسەرەکانمان کە ئەم دو (واوە) کورتەیان لەتەنیشت یەکەوە بینیوە، کە ئاساییە هاتنی دو واو لە پاڵ یەکدا گۆکردنیان درێژ دەبێ، وەك وتمان لێرەوە لێیان بووە بە واوی درێژ و هەر بۆیە وایان داناوە کە ڕابوردوی تەواو پێکدێ لە:

ڕەگ + وو + ە

نمونەکانیش وەك ڕونبۆوە وێنەیەکی تریان پیشاندایین، واتە ڕابوردوی تەواو بریتی یەلە:

ڕەگ + و + ە←── هاتنی (و) واوێکی تر وەك باسمان کرد بۆ پێداویستی بڕگەکردن و جیاکردنەوەی ڤاوڵەکان بو.

## پەراوێزەکان:

1. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لا ١١٢.
2. نوری عەلی ئەمین، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، لا ٣٢ – ٣٣.
3. د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لا ١١٤ – ١١٥.
4. نوری عەلی ئەمین، ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، لا ٣٢ – ٣٣.
5. کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، هەندێ لەبابەتە کێشەدارەکان لەڕێزمانی کوردی دا، لا ١٧.
6. نەسرین محەمەد فەخری، ڕێنوسی کوردی، لا ٣٠.
7. غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، لا ٦٦.

## ئەنجامەکان:

1. ئەم دەنگە واتە (و) ی درێژ هەرگیز لەسەرەتاوە نایەت.
2. سازگەی دەرچون و دروستبونی لەگەڵ (و) ی کورتدا هەمان سازگەیە و جیاواز نین.
3. هەر کاتێ ڤاوێکی تر بێتە تەنیشتییەوە، ڤاوڵەکە کورت بێ یان درێژ هەر ئەم گۆڕانی بەسەردا دێت.
4. لەزۆر وشەدا ئەم دەنگە دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر وەك:

خانوو ←── خانۆکە ←── کەوتووە ←── کەوتییە.

5. تەنیا لەیەك وشەدا واتا دەگۆڕێ، لەکردارەکاندا هەرگیز ڕۆڵی واتا گۆڕین نابینێ.
6. ئەم دەنگە زیاد لە پێویست گەورە کراوە.

٧. بە پێی ئەم باسە ئەم دەنگە فۆنیمێکی زۆر سستە.

٨. بە وازهێنان لەنوسینی و بەلابردنی لەرێنوسدا کێشەیەکی ئالۆزی رێنوسی کوردیمان بۆ دەرەوێتەوە.

**سەرچاوەکان:**


١. ئەورەحمانی حاجی مارف، نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، چاپخانەی علاء، بغداد، ١٩٨٦.

٢. حامید فەرەج، رێنوسی کوردی لەسەدەیەکدا، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا، ١٩٧٦.

٣. غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، چاپخانەی ادیب، بەغداد، ١٩٨٤.

٤. کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، هەندێ لەبابەتە کێشەدارەکان لەرێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕ، بەغداد، ١٩٨٥.

٥. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی نۆیەم، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا، ١٩٨٢.

٦. نەسرین محەمەد فەخری، رێنوسی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، اربیل، ١٩٧٧ — ١٩٧٨.

٧. نوری عەلی ئەمین، رابەرێ بۆ ئیملای کوردی، بەغدا، ١٩٦٦.



## الخلاصة:

لقد اهتم و منذ البداية اللغويون الاكراد بدراسة الاصوات الكردية و نجحوا في غور هذا المضمار وفي الآونة الأخيرة نرى الكثير من البحوث العلمية قد قامت بدراسة هذه الاصوات بالرغم من الأبقاء على بعض الجوانب بصورة معلقة، و قد أثر ذلك على الاملاء الكردي، كما هو الحال مع الواو الطويلة، و من هنا تأتي هذه الدراسة كمحاولة للوصول الى نتيجة ما في مثل هكذا موضوع.



## *Abstract:*

***At the beginning the Kurdish linguistics have paid great attention to deal with the Kurdish sounds and they were successful in this matter. Recently several scientific theses have been issued to study the Kurdish sounds, at the same time there are some problems with some aspects of the sounds which have impact on Kurdish orthography as well. One of these problematic sounds is long / u: /. This study is to find the solution to the problem of this sound.***